


## ژمارەی بەشدار بووانی ئاسیا سێل بەم نزیکانە دەگات بە سێ ملیۆن

سازدانی : زمناکۆ ئەحمەد

دەربارەی ڕێکەوتنی وەزارەتی گواستنەوەو ئاسیا سێل بۆ ئیشکردنی موبایلی ئاسیا لەو ناوچانەی کە تاکو ئیستە بەهۆی گرێبەستی کۆمپانیا کۆرەک تیلیکۆمەوە کار نەکردووە لەدوای 16-8 ئاسیا ڕێگە پێدراوە بەشێوەی ڕۆمینگ پرواتە ئەو ناوچانە ئەم دیدارەمان لەگەل سوار ئەحمەد فەخری بەرپرسی پەیوەندیەکان و وتەبێژی کۆمپانیای ئاسی سێل سازکرد

کوردستانیوز : دەتوانین بزانین ڕاژەی بەشداربوانتان گەشتۆتە چەند کەس ؟

سوار ئەحمەد فەخری : بەنیسبەت ژمارەی بەشداربووانی ئاسیا سێل ماوەیەک پێش ئێستە ژمارەی بەشداربووانمان دووملیۆن و سێ سەدو پەنجا هەزار بوو ڕۆژانە ڕوو لەزیادیە و هیواداریین لەماوەیەکی کەمدا بگاتە سێ ملیۆن

دەربارەی ئەوجێگایانەی کە ئاسیا پێی گەیشتووە وتی لەکۆتایی ئەمساڵدا زۆربەی شارەکانی عێراق ئاسیای پێدەگات

کوردستانیوز : بۆچی ڕێکەوتنی کارکردنتان لەگەڵ کۆرەک تیلیکۆم کەوتە دوای یەکگرتنەوەی ئیدارە ؟

سوار ئەحمەد فەخری : یەکگرتنەوەی ئیدارە پشتوپاڵێکی باش بوو بۆ ئێمە تا گەیشتین بەو ڕێکەوتنە لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە تا کاربکەیین لەوناوچانەی پێی نەگەشتوین و هەرچەندە دیارینەکراویشە چۆن دەبێت یەکگرتنەوەو ئیشکردنەکە وەک ئەوە نابێت کەلە ئاسیاوە بۆ ئاسیا تەلەفون بکەیت ڕوتنر بلێم لەمەبەدوا یەکگرتنەوەیەک لەهێڵەکاندا ڕوودەدات و نابین بەیەک کۆمپانیا بەڵکو دوو کۆمپانیا بەڵام پەیوەندیمان پێکەوە دەبێت بەنرخێکی جیاوازتر بۆ مەسەلەی نرخی ئایندەی هیوەندی کردن لەو ناوچانەی کۆرەک باسی لەوەکرد کە تا ئێستە دیاری نەکراوەو ڕێنەکەوتون لەسەر نرخێکی دیاریکراو دواتر ڕایدەگەیەنین

کوردستانیوز : ئایا کۆرەک دەتوانێت لەهەموو سنوری ئیشکردنی ئاسیا سێڵ ئیش بکات ؟

سوار ئەحمەد فەخری : بێگومان ئەمە یەکێکە لەشەرتە گرنگەکانی ئەو ڕێکەوتن و پەیوەستنامەیە بەڵام تاکو ئێستە تەحدیدمان نەکردووە شێوازەکەی چۆنەبێت ڕێکەوتنەکەش ئەبێت دەرەنجامی وای هەبێت بەڵام ئەوان ئەتوانن لەموسڵ تا بەسرە

مواپلەکانمان ئیش بکات بەڵام جارێ ئەو وردەکاریە تەواو نەبووە
کوردستانیوز : دوای ئەوەی لەگەڵ کۆرەک تیلیکۆم ڕێکەوتن ئایا لەگەڵ ساناتێل چۆن دەبن کە ئەوانیش لەگەڵ کۆرەک بەڕۆمینگ ئیشەکەن ؟
سوار ئەحمەد فەخری : هەتاکو ئێستە چەندەها موشکیلەی ئیجازەو شتمان لەگەڵیان هەیە کەئەوان ئیجازەیەکی ڕەسمیان نیە ئەوان ئەتوانن بەوەبگەن ئیجازە وەربگرنکەبەڕەسمی کاربکەن ئێمەش بەخۆشحاڵیەوە لەگەڵیان ئیش بکەین
کوردستانیوز : ئیجازەی ڕەسمی کوێ ئەفەرمویت ؟ چونکە ئەوان لە جی ئێس ئێمی جیهانی ڕێگە پێدراون لەوەزارەتی گەیاندنی عێراقی و کوردستانیش مۆڵەتیان هەیە ؟
سوار ئەحمەد فەخری : ئەو لایەنەی کە پێویستە ئیجازەی ڕەسمی بدات بەکۆمپانیایەکی موبایل کۆمیسیۆنی گەیاندن و ڕاگەیاندنە لەبەغدا کەڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و خۆی وەزارەت نیە ، هەتاکو ئیستە ئەوان وابزانم نەگەشتون بەوەی ئەو مۆڵەتەیان بدرێتی
کوردستانیوز : ئایا کۆرەک ئەو مۆڵەتەی هەیە کە ئێوە لەگەڵی ڕێکەوتون ؟